# تەمی شەرم

زۆر جار تەمی شەرم ڕێگر دەبێت
تا خۆر بگاتە جەستەی خۆشەویستی و تووشی ئێسکە نەرمەی دەکات،
ئای بۆ نەسیمێک،
نەسیمی دونیایەکی ئینسسانی ئەم تەمە ڕابماڵێ؟!
لەچاوما......
سەد نیگا ....سەد ڕوانین، زیندانین !
لە بیرما.....
هەزار کەی...هەزار بۆ؟!
لە کەلاوەی دڵما،تەنها تۆ
ئەو کەلاوەیەی....
هەر کەسێک خشتێکی بۆ هێنا،
دوو خشتی لێدەرکرد
هەر کەسێک بەتەمای پەڕینەوەبوو،
بڕبڕەی پشتی منی کرد بە پرد!

* * *

لە چاوما نیگاکان زەردبوون
هەڵوەرین ...
وەک گەڵای پاییز
کەوتنە سەرپەرچەمی،
تۆی لەژێر سێبەری برژانگما نووستوو
تۆی ئازیز !

* * *

لە بیرما دونیایەک جێگیربوو
کە تیایدا....
نان ئەچێتە گەدە نەک گیرفان!
دونیایەک....
چەندت توانا هەبێ،ببەخشی و
چیت پێویست بێ،ببەی
ئەی ئینسان!
دونیایەک ...
هی هەموو کەسێکەو،
هیچکەسیش ناتوانێت،
پێی بڵێ هی منە!
ئازادی بۆ منەو،
یەکسانیش....دەبێتە
جقە* بۆ سەری تۆ!

* * *

لە کەلاوەی دڵما تەنها تۆو،
تەنها تۆ!

* * *

**له چاوما تۆ هەبی و،**
**له بیرما تۆ من بی و،**
**من ببم به تۆ!**
**له کەلاوەی دڵما هەر تۆ بی و،**
**تەنها تۆ!**
**پێمناڵێیت شەرم بۆ؟!**
**پێمناڵێیت شەرم بۆ؟!**

**گۆران عەلی**
goranmad@hotmail.com

////////////////////////////////////////////////////////////////////////////////////
**جقە: تـاج**